# داهاتووی دایکایەتیکردن:

## تێکنۆلۆژیی منداڵبوون (reproductive) و تیۆریی فێمێنیستی*

ئان دانشن
و: زریان ڕۆژهەڵات

گەرانێک بە (یەکــەم) ڕوانگە جێگرەوەکاندا بۆ داهێنانەکانــی ئەم دواییانە لەبواری تێکنۆلۆژیی منداڵبووندا؛ پشــتگیری لــە تێکنیکگەلی نوێ لەسۆنگەی جۆرێک لە داهاتووی فێمێنیستییەوە کە ئاراســتەی دەکــەن؛ دژایەتیی بێســنوور ســەرەرای قازانجە دەرمانییــەکان بۆ تاکەکانی ژن؛ یان دژایەتیی سنووردار کە بەستراوەتەوە بە هەرەشەگەلی تایبەت لەسەر بەرژەوەندیی ژنان و، (دووهەم) پەیوەندییەکانی نێوان ئەم ڕوانینانە و ئــەو بایەخانەی کە لە ئاکاری دایکایەتی جیا ناکرێنەوە.

پەرســتارەکە وتی دەبوو پیشــانی تۆی بدەم، بەڵام تۆ دەمودەست گەیشــتیتە مەمکم. خێرا شــیرت لێ خــوارد. لەبیرمە چــۆن بە دەمی بچووکی کۆ بووەوەت مەمکمت گرت و شــیرت لێ دەرهێنا، چەند شــیرین بوو. کەســێک کە هەرگیز نۆ مانگ منداڵێکی بەو قورســییە لەژێر دڵیدا هەڵنەگرتبێت، کە هەرگیز منداڵێکی لەناو ئازار و خوێنــدا نەهێنابێتە دنیــا، کە هەرگیز شیری بە منداڵێک نەدابێت و... چۆن دەتوانێت بزانێــت دایک چ مانایەکی هەیە. ئەوان چی لە دایکبوون دەزانن ؟

کانی ڕامۆس، دایکێکی سەردەمی ئێمە.

ئەوە بەشێک لە شۆڕشی دووردرێژی ژنان بوو. کاتێک ئێمە خەریک بووین هەموو پلەبەندییە (hierarchy) کۆنەکانمان دەشکاند. لەکۆتاییدا یەک شــت هەبوو کە ئێمەیش دەبوو ڕادەستی بکەیــن، تەنیا دەســەڵاتێک کە لەســەردەمی [داخوازی] ئەوەی کەس دەســەڵاتی زۆرتری نەبێــت، بوومــان. بەرهەمهێنانی ســەرەکی: هێزی منــداڵ هێنانەدنیا. چونکــە تا کاتێک لەباری بیۆلۆژیکییەوە نەبەسترێینەوە، هیچکات یەکســان نابین و نێرینەکان هیچکات نابن بە مرۆڤیکی خاوەن خۆشەویستی و دڵسۆزی. بۆیە هەمووومــان بووین بە دایــک. هەموو منداڵێک ســێ دانەی هەیــە. بۆ شــکاندنی گرێدراوییە ناوەکییەکە.

لووســیێنت، دایکێــک لــە داهاتوویەکی ئەگەردا.

وتووێژی نێوان کانی و لووسیێنت لەناو عەردێکی خەیاڵیدا و لە گەرانی مارژ پیێرســی لە کتێبی ژن لــە لێــواری زەمەنــدا(۱۹۷۶،۱۰۶-۱۰۵) ڕوو دەدات. ئــەوەی ئــەو کۆمەڵگایەکــی فەرهەنگیــی دووڕەگەزەیــە لەســەر بنەمــای بایەخــە فێمێنیســتییەکان، کە لــە پەراوێزی پێبەندبــوون بە لەناوبردنی هەمــوو جیاکارییە سیستەماتیکەکانی ڕۆڵگەلە(role) ڕەگەزییەکان و ســڕینەوەی منداڵبوونی بیۆلۆژیکی لە لایەن مێیینەکانەوە، ڕێکخــراوە. لە جیاتیی ئەوە، ئەو مــادە ژێنێتیکییــەی کە لە مرۆڤــی نێرینە و مێیینەوە وەردەگیرێت، لەناو کرگەدا (brooder) هەڵدەگیرێــت. واتا ئەو شــوێنەی کــە تێیدا دەئاوسێندرێت (fertilize) و ئاولەمەکە تا کاتی هاتنە دنیاوە تێیدا گەورە دەبێت. بەستراوەییی نێــوان ژێنــەکان (genes) و فەرهەنــگ بــە ئەنقەست دەشــکێندرێت. زانیاریی سەرچاوەی ژێنێتیک دەسڕدرێتەوە. هێشتا شارۆمەندەکانی جیهانی لووســیێنت لەسەر ئەوەی دەستکاریی ژێنێتیکــی بکرێــت [یان نــە] یەکدەنگ نین. ئەوان ئاگاداری نوقســانە ســکوزاییەکان و ئەو ژێنانەی شیانی (susceptibility) ئەوەیان هەیە هەڵگــری نەخۆشــین بن هەن، بــەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەسەر تایبەتمەندییە هەڵبژێردراوەکان منداڵیان نابێت. لەناو ئەوانــدا «بیچمدەرەکان» (shapers) لایەنگری منداڵبوونی هەڵبژێردراون؛ تێکەڵکارەکان (mixers) پێیان وایە کە خەڵک بە چەشنێکی بەرهەست (objectively) نازانن کە خۆیان دەبێت ببن بە چی. ئەوان پێشنیاری بیچمدەرەکان وەک « شەپۆلی دەسەڵاتخوازی » دەبینن (پیێرسی ۱۹۷۶، ۲۲۶).

شــێوازەکانی منداڵبــوون لــە کۆمەڵگای خەونستانی (utopia) پیێرسیدا لەیەکچوونێکی بەرچــاوی لەگــەڵ ئــەو ڕێکخســتنانەی منداڵبووندا هەیــە کــە لــە مۆتەکســتانی (dystopia) ئاڵــدۆس هاکســلی [لــە] دنیای نوێــی بوێــر (۱۹۳۲)دا بەدامــەزراوە کراون،

ئەگەرچـــی لەم داهاتـــووە خەیاڵییـــەدا، نەک تەنیـــا چاککردنی تۆرەمـــە(eugenics)، بەڵکوو گەندەڵکردنـــی تۆرەمەیـــش(dysgenics) بـــە جۆرێکی سیســـتەماتیک بەڕێوە دەچێت. ئەوان لە تاقیگەکانیاندا بەپێی پێڤاژۆی بۆکانۆسـکی، ئاولەمە باشـترەکان لەباری بیۆلۆژیکییەوە و بە ژمارەیەکی زۆرتریشـەوە ئاولەمـە خراپترەکان هەڵدەگـرن ( ٩٦دوانەی هاوتا لـە تاکە یەک هێلکە ) و پێش لـە لەدایکبوون ژەهریان پێدا دەکرێت. ئەوانە لەکاتێکدا تێدادەبرێن بەئاستەم لـە مرۆڤ ئەچن، بەڵام لـە بەڕێوەبردنی کاری بەبێشـارەزاییدا بەکەڵکـن و، بـە گونجاندنی بـاش، دەکرێت بـۆ بەڕێوەبردنـی ڕێکوپێکی ڕاسپاردەکانی سەرەوەی خۆیان، متمانەیان پێ بکرێت. لەدایکبوونەکان بەتەواوەتی بە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەڕێوە چوون.

لەکاتی دەرکەوتنی بیرۆکەکانی مۆتەکستانی هاکسـلییەوە، شـیانی وەها دنیایەک زۆرتر لە ئێمـەوە نزیک دەبێتەوە. توێـژەران لە هەردوو [بواری] توێژینەوەی ژێنێتیک و تێکنۆلۆژییەکانی لەدایکبووندا هەنـگاوی بنەڕەتییان هەڵگرتووە. ئاوسـکردنی(insemination) دەستکرد بووە بە ڕووداوێکی ئاسـایی. ئەگەرچی ئاوسـاندنی ناو شووشە (in vitro) و گواستنەوەی هێلکە، کەم سەردەکەوێت بەڵام بە بەربڵاوی بەڕێوە دەچێت. ژنانـی لەبـاری ئابوورییەوە بێبەش، لەپێشـدا لەبەردەستن بۆ ئەوەی لەبری پێدانێکی کەم وەک دایکی جێگـرەوە بەکار ببرێن. کاتێک پێڤاژۆی منداڵبـوون لەدەرەوەی منداڵدان دەبێت بە باو، ئیتر ئەوانیش دابەش دەکرێن. پێشتر گەیاندنی ئۆکسیژێن بۆ توێکڵەی (membrane) دەرەوەی لەش (خۆگونجاندنی مەکینەی دڵ ـ سییەکان) بە سـەرکەوتووییەوە لە منداڵانی سووکتر لە ١ کیلۆگرامیشدا بەکار هێندراوە (بارتلێت ١٩٨٤). بۆ جارێک ئەرکـی (function) ئاولەمەی دوانە بەسەرکەوتوویی لاسایی کراوەتەوە، گەیشتن لە هەڵکردن لەناو شووشـەدا، بۆ توانای درێژەدان بە ژیان (گەشـەی چنەی جەنین لەناو لوولەی تاقیگەدا) ڕەوتی بیۆلۆژیکیی سکپڕبوون لەباری تێکنیکییـەوە هەڵدەوەشـێنێتەوە. ئەگەرچی ئـەو واقعە ڕووتـەی کە شـیانی تێکنۆلۆژیکی ڕەنگە ببێـت بەهۆی پەرەسـەندن لە هەرکام لـە چوارچێـوە کۆمەڵایەتییەکانی پێیرسـی یان هاکسـلیدا، [بەڵام] دەسـکەوتی دواتر لە کۆنترۆڵی سیاسـیی کاریگەریی دانیشـتوانی، تەنانەت گەورەتر و پەرشوبڵاوتر لەوەی هاکسلی لە بیریدا بوو، تەنیا ڕوانین بۆ داهاتووە ناپیرۆزەکە زەقتـر دەکاتەوە. ئەگەر منداڵبوون لە دەرەوەی منداڵدان لەبەردەست بێت، ونهێزی(potential) کۆبوونەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی بە جۆرێکی پێوانەنەکـراو زۆرتـر دەبێـت. ئەوانـەی کە ئامرازەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن، دەتوانن بڕیاری دروستکردنی داهاتوویش بدەن.

ئەگـەر بەرژەوەندییـە دریژخایەنەکانـی ژنان بەسـتراوەتەوە بـە دیاریکردنی ڕێچکەی داهاتـووی تێکنۆلۆژیـی منداڵبوونـەوە، ژنان پێویسـتیان دەبێت بەکۆمەڵ بەشـداری بکەن لە بیچمدان بە سیاسـەتی گشتیدا. بەداخەوە، لەنـاو ژنانـدا زۆر بـە کەمی باس لـە بابەخە بناژۆییـە لەمەترسـی کەوتـووەکان دەکرێت، یـان ئـەو ئامانجـە کۆمەڵایەتییانـەی کە بە باشـی بـڕەو بـە بەختەوەریی ژنـان دەدەن. ئەگەرچی زۆرێک لە نووسـەرە فێمێنیستەکان بە ئەزموون وەرگرتن لـە ڕابردوو بەخەمبوونی خۆیان لە پەیوەندی لەگـەڵ زاڵبوونی زۆرتری تێکنۆلۆژییـە پزیشـکییەکانی منداڵبوونـی کۆنترۆڵکـراو دەربڕیـوە و هێندێـک ئاماژەیان بە ئاراسـتەیەک داوە کە تێیـدا بەرژەوەندییە زاڵبووەکان جێـگا بە تێکنۆلۆژیـی منداڵبوون لەق دەکەن، ئەم باسوخواسـتە لـە پەراوێزی نادیاری هەردوو بەستێنی گشتیی تیۆریسازیی فێمێنیسـتی و بواری تیۆریی کۆمەڵایەتی کە تیۆریی فێمێنیسـتی گرێچن کـراوە لەگەڵیدا، ڕوویداوە. ئێستا پێویستە خەمەکانی فێمێنیستە بناژۆییەکان لەپەیوەنـدی لەگەڵ منداڵبوونی کۆنترۆڵکراوی پزیشـکیدا لەگـەڵ هەوڵەکانی

تیۆرییەنە فێمێنیستەکاندا بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ڕابردووی بەکۆمەڵی ژنان بخرێنە سەریەک و گرێدراوییەکانی بە داهاتووە فێمێنیستییەکانەوە هەڵێنجرێن. ئێمە پێویستە بەکۆمەڵ بیر لە جۆری سیاسەتی کۆمەڵایەتی بکەینەوە کە بەباشترین جۆر بتوانێت بناژۆییترین بەرژەوەندییەکانی ژنان دابین بکات: ئەگەرچی تواناییی منداڵ هێنانە دنیا، بایەخێکی ئەوەندە گەورەیە کە هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی کە لە هەر داهاتوویەکی تێکنۆلۆژیکیشدا بکرێت پێی بگەین، ناتوانێت بنبڕی بکات؛ ئەگەرچی هەموو داهێنانە تێکنۆلۆژییەکان لە ئاکاری منداڵبووندا سەرەڕای قازانجە دەرمانییەکانی بۆ هێندێک تاکی ژن دەبێت بسەپێندرێن؛ یان پێشکەوتنێکی تێکنۆلۆژیکیی تایبەت دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پشتگیری بکرێت تا ئەو کاتەی کە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی بە ڕوونی دەرکەون.

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەمەوێت چوارچێوەیەک وێنا بکەم کە تێیدا وتووێژێکی فێمێنیستیی وەها ئەتوانێت بچێتە پێش. لەپێشدا، دەبێت بە کورتی باس لە بەکاربردنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون لەناو بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێستادا بکەم، دواتر ئەو تێگەیشتنە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە بنەماییانە باس بکەم کە پەیوەستن بە دەرکەوتنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوونەوە و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و جێگرەوەکانی سیاسەت لەهەر تێگەیشتنێکدا بەناڕاستەوخۆ تێدەگەن و هەوڵ دەدەن پاشهاتەکانی ئەم پەرەسەندنانە بەلای بەرژەوەندییەکانی ژناندا بشکێننەوە. دواتر، لە لایەکەوە بە سەرنجدان بە باسوخواستەکانی تیۆرییەنە فێمێنیستەکان کە لە جۆری شرۆڤەی خەونستانی شولمایس فایێرستۆن جیا کراونەتەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو شرۆڤەکارە فێمێنیستانە کە هاودەنگن لەگەڵ پێشزانیارییە مۆتەکەستانییەکانی هاکسڵی لەپەیوەندی لەگەڵ داهاتوویەکدا کە تێیدا پەیوەندیی نێوان سکپڕبوون و زاوزێ دابڕاوە، هێندێک پرسیاری چەمکی و تیۆری لەسەر هەر ئەو بیرۆکەیەی داهاتووی فێمێنیستیی خەونەشاری دەوروژێنم: لە کۆتاییدا، تێگەیشتنەکانیان لە بەرانبەر فێمێنیستە خەونەشارییەکاندا دادەنێم، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر لە بنەمای کاردانەوەی فێمێنیستیی ئێستا بە داهێنانەکانی منداڵبوون ببێت. ئەگەرچی ئەوە لە بنەڕەتەوە لە تێبینی لەسەر سروشتی دەستێوەردانی تێکنۆلۆژی بۆخۆی، یان ترس لە پاشهاتە نزیکەکانی داهاتوویەکی تێکنۆلۆژیکیی وەهاوە سەرچاوە دەگرێت. من بە هێندێک تێبینی لەسەر ئەو پێشگریمانانە، کۆتاییی پێ دێنم کە جیاوازییە تیۆرییەکان لە نێوان فێمێنیستەکاندا دەستنیشان دەکەن و جۆری کاتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ئێستادا دەخەنە بەردەست.

## بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێستا

ئەگەرچی بریتانیا و ئۆسترالیا، کۆمیسیۆنی نەتەوەییان بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی تێکنۆلۆژییە نوێکانی منداڵبوون دامەزراندووە و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار دادەڕێژن، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا پەرەسەندن و بەکارهێنانی داهێنانەکانی منداڵبوون بەجێ هێڵراوە بۆ لێکدانەوەی تاکەکان بۆخۆیان و پزیشکەکان. ئەگەرچی لە ئاستی فێدراڵدا هێندێک تێبینی لەسەر بابەتە ئەخلاقییەکانی ئاوسکردنی ناو شووشە و گواستنەوەی ئاولەمە بووە، [بەلام] تاقمی ڕاوێژکاری ئەخلاقی کە ئەم کارەی لەئەستۆ گرت، دوای خستنەبەردەستی ڕاپۆرتی سەرەتاییی خۆی لە ساڵی ۱۹۷۹ دا هەڵوەشایەوە. ئەگەرچی توێژینەوەکان لەسەر ئەم پێڤاژۆگەلە کە لە ئاستی فێدراڵدا پشتگیری دەکرێن ناتوانن بەبێ دانپێدانانی کۆمیتە هەڵوەشاوەکە بەرەوپێش بڕۆن، هەردوو

هەوڵەکانی توێژینەوەی تاکەکەسی و بازاڕدۆزیی (marketing) بازرگانـــی بـــۆ تێکنیکە نوێکانی منداڵبوون، کەم و زۆر، بەبێ ئاستەنگی ئەخلاقی بەرەوپێش دەچـــن، جیا لەوە مەگەر توێژەرێک خۆی ئەو ئاســـتەنگانە بسەپێنێت بەسەر خۆیدا. ئەو تاکەکەســـانەی بـــە دوای ئەوەدا دەڕۆن کە لە بەرهەمــی توێژینەوەکانی منداڵبوون کەڵک وەربگـــرن، ڕێگەپێدراون بۆ ئـــەوەی لەگەڵ ئەو پزیشـــکانەدا کە تەنیا بە ویژدانی تاکەکەســـی و ســـەرچاوە ئابوورییەکانەوە بەســـتراونەتەوە، وتوویـــژ بکـــەن. لـــە وێنەکانـــی ئاوســـکردنی دەســـتکرددا ، پیشەســـازییەکی کۆتاژی ئاست خوار، [و] ئاســـتەنگی پزیشکی و ئابووری کەم و زۆر دروست دەبێت و هەڵبژاردنی تاکەکەسی بەتەنیایی دیاریکەر دەبێت. لەگەڵ ئەمەیشـــدا لەگەڵ زانیارییە بەردەســـتەکان کە بەجۆرێکی بنەڕەتـــی پەیوەندیـــدارن بـــە کۆنترۆڵکردنـــی دیاریـــدەرەوە (donors) (ڕاســـترەکەی فرۆشـــیاری ســـپێرم، چونکە لە زۆربەی کاتدا بـــۆ بەرهەمەکەیان پووڵ وەردەگرن) دیســـان هەڵبژاردنەکانـــی وەرگـــر ســـنووردارە. بەهۆی بەرپرســـیاریەتییە قانوونییەکانەوە زۆربەی کات بێناونیشـــانبوونەکەیان دەپارێزرێت. ئەگەرچی زۆربـــەی وەرگرەکان پێیان باشـــە کـــە لە ئەو دیاریدەرانـــە ســـپێرم وەربگـــرن کـــە لەباری ژێنێتیکـــەوە چاودێری کراون، [بەڵام] بەردەوام داخوازیـــی دەستڕاگەیشـــتنیان بـــە زانیاریی لەوجـــۆرە ڕەت دەکرێتـــەوە. لەو شـــوێنەدا کە ژنان هەوڵ دەدەن کە ســـپێرم لـــە دیاریدەرە ناسراوەکان و لەڕێگای کاناڵە نا-پزیشکییەکاندا وەربگرن، مەترســـیی ئەوە هەیە کە ڕەنگە دواتر دیاریدەرەکە بانگەشەی باوکایەتی بکات.

بەم جـــۆرە هێندێک کۆنترۆڵ پێویســـتە، هـــەم لە ڕوانگەی ئەوانەی کە پێیان باشـــە بەر بە بڵاوبوونـــەوەی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون بەگشـــتی بگیرێت و هـــەم لـــە بەرژەوەندیی ژنانی شـــوونەکردوو و نەزۆکیشدا کە هیوادارن لـــە داهێنانەکانی منداڵبـــوون بەهرەمەند ببن.

کەوابوو، بابەتی سەرەکی، لەدەوری سروشتی ئەم کۆنترۆڵانە و ئەو ئامانجانەی کە ئاراستە دەکرێن، دەسووڕێتەوە. بەرژەوەندیی ژنان بە درێژەدان بە ئەم ڕەوتە هەوســـارپچڕاوەی ئێستا باشتر دابین دەبێـــت کە ئازادیی منداڵبـــوون زۆرتر دەکات؟ کە تەنیا ســـنووردار کراوە بە توانای دۆزینەوەی پزیشـــکێکی یارمەتیدەر و توانای نەخۆشـــەکە بـــۆ پێدانی تێچـــووی خزمەتگوزارییەکەوە. یان دەبێت بژاردە بەردەســـتەکان سنووردار بکرێن بە هەڵبژاردنی ســـنووردار، لە هەردوو ئاســـتی پێشکەشـــکردنی خزمەتگـــوزاری و پێڤـــاژۆی پەرەسەندنی زۆرتری توێژینەوە؟

هـــەردوو ئـــەم تێگەیشـــتنانە لەلایـــەن لایەنگرانیانەوە وەک بژاردەیەک بۆ بەردەوامبوونی نەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرگریان لێ دەکرێت. یەکێک پێ لەسەر ئازادیی تاکەکەسی دادەگرێت؛ کەســـێکی تر قورســـایی دەدات بە مۆدێلـــە نەریتییەکانی منداڵبوون و باوکایەتی و دایکایەتی کردن. لەگەڵ ئەمەیشـــدا، پێداگران لەســـەر بایەخە تاکەکەســـییەکان بـــەرەولای داهێنانـــە تێکنۆلۆژییەکان دایدەشـــکێنێتەوە. ســـەرنجدان بـــە ڕۆڵـــی ناوەندیـــی بنەماڵەی بیۆلۆژیکـــی لـــە ڕێکخـــراوی کۆمەڵایەتیـــدا، بەرژەوەندییە تاکەکەســـییەکان دەبەستێتەوە و ئەتوانێت بەر بە پەرەســـەندنی هەوسارپچڕاوی تێکنۆلۆژی بگرێت.

کاردانـــەوەی کۆمەڵایەتـــی بـــە ئـــاکارە داهێنەرانەکانی منداڵبوون لەجێدا دابەش دەبێت بۆسەر سێ دەستە: لایەنگرانی دەستێوەرنەدان، کە لەسەر قازانجی هەر ئاکارێک کە پەیوەندیی بە ڕێگا سروشتییەکانی ئەنجامدانی شتەکان یان دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانەوە هەبێت، پرســـیار دەکـــەن؛ لایەنگرانی دەســـتێوەردانی ناوەندگیرانـــە، کە پێشـــەنگایەتی بـــە ئازادیی [جـــۆری] منداڵبـــوون دەدات لەکاتێکـــدا کە پـــێ یوایە دەبێت هەروەها هێندێک قورســـایی بـــە بایەخەکانی تریـــش بدرێـــت؛ لایەنگرانی بناژۆخوازی دەســـتێوەردان، کە بۆ دوو بەشـــی

جیاواز دابەش دەبن: ئەوانەی کە بەهۆکاری تاکەکەسیی خۆیان و بەبێ سەرنجدان بە بەکارهێنانە تێکنۆلۆژیکییە بەردەستەکان، پشتگیری لە پێشڤەچوونەکان لەبواری زانیاری لەسەر پێڤاژۆگەلی منداڵبووندا دەکەن و ئەوانەی کە بە هۆی ئەو داهاتووە تێکنۆلۆژیکییەوە کە تویژینەوە لەسەر منداڵبوون دابینی دەکات، بایەخ بە ئەم تویژینەوەگەلە دەدەن. داکۆکیکارانی بەشی یەکەمی تێگەیشتنی بناژۆخواز لە بنەڕەتەوە لەناو تویژەرەکان و هێندێک فەیلەسووفدا دەدۆزرێنەوە کە باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەبێت سنوورەکانی زانیاری پاڵ پێوە بنێین بۆ ئەولاتری ئێستامان و تەنیا کاتێک کە پێویست بێت لەخەمی بەکارهێنانە نەخوازراوەکاندا بین. دیارترینی لایەنگرانی بەشی دووهەم کە مارژ پیێرسی و مۆدێلەکەی، شوولمایس فایێرستۆن بە نووسراوەکەی ساڵی ۱۹۷۰ی: دیالێکتیکی ڕەگەز: بابەتی شۆڕشی فێمێنیستی لەخۆ دەگرێت، سەرەتا سەرنجیان خستە سەر گرینگیی سیاسیی بیۆلۆژیی منداڵبوون. هەروەها خەیاڵەکانی ئورسولا لوگوین: دەستی بەجێماوی تاریکی (۱۹۷۶) و نێرینەی مێیینە (۱۹۷۵)ی ژوانا ڕاس یش بابەتە ناوەندییەکەیان لە بیرۆکەی فایێرستۆنەوە بەقەرز وەردەگرن. هەموویان بە باشی لە داهێنانەکانی منداڵبوون دەڕوانن بەو هۆیەوە کە ژنان لە ڕۆڵی بیۆلۆژیکیی نەریتییان ئازاد دەکات.

## لایەنگرانی دەستێوەرنەدان

پۆل ڕەمزی خواناسی پرۆتێستان لە ڕوونبێژترین و باشبێژترینەکانی لایەنگرانی دەستێوەرنەدانە، کە لە ڕاوێژەکانی تاقمی ڕاوێژی ئەخلاقیی پێشترئاماژەپێکراودا، بەشداریی دەکرد. ئەو لەپاڵ هەڵسوکەوتە پزیشکی و نەشتەرگەرییەکانی نەزۆکیدا بە هەموو بیچمەکانی داهێنان لە منداڵبوونیشدا نارازی بوو (ڕەمزی ۱۹۷۲). لە پاڵپشتیی ئەم تێگەیشتنەدا ئەو سێ باس پێشنیار دەکات. **۱** ئەوەی مرۆڤێک بخەیتە بەردەم هەر جۆرە مەترسییەکی ناپێویستەوە لادانە لە پێوەرە دانپێدانراوەکانی ئەخلاقی پزیشکی. ئەگەر تەنیا یەک مرۆڤ نەتوانێت ڕازی ببێت بەوە، هیچ بیانوویەکی ئەخلاقی نییە بۆ ئەوەی بەختەوەریی داهاتووی بخرێتە مەترسییەوە. **۲** ڕۆڵی شیاوی پزیشکی ڕاستکردنەوەی «هەلومەرجە پزیشکییەکانی» وەک نەزۆکییە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەگەر دەرمانێک بۆ خودی هەلومەرجە فیزیکییەکە نییە، ئیتر دروست نییە دەستێوەردانی زۆرتر بکرێت. **۳** بۆ مرۆڤەکان، زاوزێ و باوکایەتی/دایکایەتی کردن ڕێوشوێنی کردەوەی شیاون کە ڕوانگەی «لەخواترسانی سروشتی» لە پەیوەندی لەگەڵ بوونگەلی سروشتیی وەک ئەواندا دەگونجێت. ئەوان ناتوانن بەبێ لادان، لەیەک جیابکرێنەوە و دیسان پێکەوە بلکێندرێن. لەجیاتی ئەوە ئێمە دەبێت بەگوێرەی ئەو ئەرکانەی کە لە کۆی پیودانگی(order) سروشتیدا بەکردەوە دەبن و ئێمەیش بەشێکین لەو، کار بکەین. دەسڕۆیشتوویی زیاتر بەسەر سروشتدا دەبێتەهۆی دەسەڵاتی زۆرتر بەسەر مرۆڤدا و تەنانەت مەترسیی دەستدرێژی بۆ سەری.

هەرکام لە باسوخواستەکانی ڕەمزی، کۆمەڵێک گریمانەی دژبەیەک دەخاتە سەریەک: **۱** ئەوەی کە پێوەرەکانی ئەخلاقی پزیشکی دەکرێت تەنیا بۆ مرۆڤەکان پەرەی پێ بدرێت و **۲** ئەوەی کە ئەرکی شیاوی پزیشکی هەڵگەڕاندنەوەی دۆخێکی فیزیکییە. زۆرێک لە کەموکوڕییە فیزیکییەکان ناتوانرێت هەڵبگەڕێندرێتەوە، بەڵام لە شوێنێکدا کە ئەرکەکە بایەخی زۆری هەیە، ڕێگەکان بۆ تێپەڕین لە نوقستانییەکان دەدۆزرێنەوە، بۆ وێنە ئەندامی لەشی دەسکرد و جێگرەوە، یان چاویلکە و تادوایی.

زۆرێک لە ژنان نوقوستانیی نەزۆکی ئەزموون دەکەن. ئەوان لە منداڵییەوە فێر بوون کە ژنبوون گرێ بدەنەوە بە سککردنەوە. ئەوان

نەزۆکییەکەیـــان وەک ناتەواوییـــەک دەبینـــن. تامەزرۆبوونـــی بەرچـــاوی زۆرێک لـــە ژنان بۆ هەڵگرتنی ئێش و ئازارێکی زۆر لەســـەر دەستی بژاردەکانی تێکنۆلـــۆژی و لە هەوڵێکی بەزۆری بێئاکامـــدا بۆ ســـکپڕبوون، جیا لەم بەســـتێنە کۆمەڵایەتییە گەورەترەدا ناکرێت لێی تێبگەین. ژنانـــی تر بە تەواوەتی خوازیارن منداڵیان ببێت، بەڵام قوربانیی تێکنۆلۆژییەکانی «بەرنامەدارشتنی بنەماڵە»، یان پیسکەرەکانی ژینگەن کە خەسار لە توانـــای منداڵبوونیـــان دەدەن. پێبەندبوونی کۆمەڵایەتـــی بە ژنگەلـــی وەهـــا ناتوانرێت بە بیانـــووی ئـــەوەی کە خواســـتی نەخۆشـــەکە هۆکاری گونجاو نییە بۆ دەستێوەردانی پزیشکی، لەبەرچاو نەگیرێت. ئەو باسوخواستە ناتوانێت لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانـــی پەیوەندیدار بە دۆخەکەوە بدوێت.

باسوخواســـتی کۆتاییـــی ڕەمـــزی ئاڵۆزە و گریمانـــەکان لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ جێگای مرۆڤ لە سروشـــتدا و حەزە سروشـــتییەکانی مرۆڤ تێکـــەڵ دەکات. لێرەدا ناڕوونیی جددی هەن کە شـــایانی ئەوە هەن بـــە وریایی تاقی بکرێنـــەوە. دیار نییە بۆچی ئـــەو واقیعە روونە کە هێندێک شت سروشـــتین، ئەبێت ئەوەندە قورساییی ئەخلاقییان پێ بدرێت. بۆچی هێزی ئەخلاقـــی بە دیاریکراوی پەیوەندی دەدرێت بە زاوزێی ئاســـاییەوە لە کاتێکدا دەســـتێوەردانی مرۆیـــی، بۆوێنە، لـــە بەکارهێنانـــی مەکینەی هەناسەی دەســـکرد بۆ منداڵە پێنەگەییوەکاندا بەدڵنیاییەوە پشتگیری دەکرێت و دەبێتە هۆی بەدواداچوونی زۆرتر. بۆ ڕاوەســـتان لەسەر وەها دەستەوداوێنبوونێکی سروشت، ڕەنگە پێویست بێت لەسەر بوارێکی ترەوە بۆی بڕوانین، بۆ وێنە ترس لە ئەوە کە دەسڕۆیشتنی مرۆڤ بەتایبەتی بەسەر منداڵبووندا، دەبێت بەهۆی دەستدرێژیی جددی.

سەرەڕای بەشبەشبوونیان، باسوخواسەکانی ڕەمـــزی ئاماژە دەدەن بە چەند خەمی بە زۆری هاوبەش لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو ئاراســـتەیەی کـــە داهێنانەکانـــی منداڵبوون تێیـــدا کۆمەڵگا پێشکەوتووە تێکنۆلۆژیکەکان بەرهەم دەهێنن. ئاماژەی ئەو بۆ پەیوەندیی نێوان دەسڕۆیشـــتن بەسەر سروشتدا و دەسڕۆیشتن بەسەر مرۆڤدا، بەتایبەتی، ئـــەو بابەتانەی کە بە زۆری لەلایەن ڕەخنـــە فێمێنیســـتەکانەوە لەســـەر داهێنانە تێکنۆلۆژییـــەکان هاتوونەتـــە بەربـــاس لەخۆ دەگرێت، بابەتێک کە دواتر دەبێ هەڵبگەڕێمەوە بۆی و بە وردەکارییەوە لە ناو بەستێنی ڕەخنەی فێمێنیستیدا تاقیی بکەمەوە.

هەروەها لیۆن کاس، پزیشـــک و نووسەری بەناوبانگ لەسەر بابەتە پزیشکییە ئەخلاقییەکان، لە بۆچوونێکـــی نەریتییەوە باس لـــە دژایەتیی بنەڕەتیی خۆی لەگەڵ داهێنانەکانی منداڵبووندا دەکات، بەڵام بە پێچەوانەی ڕەمزی کە مەترسیی ســـەرەکی لە لادان لە «سروشـــت»دا دەبینێت، کاس پێ لەســـەر ئەو بایەخانـــە دادەگرێت کە بوون بە بەشـــێک لـــە ڕێزی(کەرامەتی) مرۆڤ. هەرجۆرێـــک بێت، تێگەیشـــتنی ئـــەو لە «ڕێز» لەخۆیدا ئاماژەیەک لە بنەمایەکی زۆر بەستراوە بە چەمکی «سروشت» ی ڕەمزییەوە هەڵدەگرێت. ئەگەرچی ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوەی لە مەترسیدایە بیرۆکەی مرۆڤانەبوونی ژیانی مرۆڤ و مانای دەرکەوتنـــی(embodiement) مرۆڤە، ئەم چەمکگەلـــە، وا دەردەکەوێت کە ماناکانیان لە بەستراوەییان بە ئەو ئاکارە کۆمەڵایەتییانەوە بە قەرز وەرگرتبێت کە وادەزانرێت زیاتر لەوەی دەرهاویشـــتەی کۆمەڵایەتی بن، بە سروشـــتی هاتوون.

لەســـەر بنەمای ئـــەم گریمانەگەلە، کاس لایەنگـــری لـــە دەســـتێوەردانی قانوونـــی بۆ ڕێکخستنەوەی مەترســـییەکانی ئاوساندنی ناو شووشـــە و گواســـتنەوەی ئاولەمە دەکات، کە ئەو پێی وایە «بـــاوەر، بایەخ، دامەزراوە و ئاکارە بناژۆییەکان دەفەوتێنێـــت»(کاس ١٩٧٩). ئەو پێشـــنیار دەکات کە بەکارهێنانی گواستنەوەی ئاولەمە تەنیا ببەســـترێتەوە بە ئەو ژنومێردانەوە کە ئاولەمە لە ئەوانەوە و بەمەبەستی هێشتنەوەی

پەیوەندییـــە نەریتییەکانی نێـــوان ڕەگەزەکان، خۆشەویستی و زاوزێ هەڵدەگیرێت.

کاس وەک ڕەمـــزی، پێشـــنیار دەکات توێژینـــەوەی زۆرتـــر ببەســـترێتەوە بـــە چارەسەرکردنی نەزۆکی یان ئەو پێوانانەی ترەوە کە پشتگیریی خواستی خاوەنداریەتیی منداڵ لە خۆ دەکەن ( بەوگریمانەیەی لە نێوان خواســتە ڕەواکان و خواستە نەشیاوەکاندا جیاوازی هەیە). ئـــەو هاوڕا نییە لەگـــەڵ بەکاربردنی ئاولەمە لە توێژینەوە لێکۆڵەرەکاندا، دیاریدان [ی سپێرم] بە جووتەکانی تر، یـــان مامەڵە بازەرگانییەکان (وەک ڕێوشـــوێنەکانی دایکـــی جێگـــرەوە) و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو ئاکارانە لادانە لە هەستی نەریتیی مرۆڤ بۆ سروشتی ڕەگەزیمان و ئەزموونـــی بەســـتراوەییمان بە پێشـــینیان و پاشـــینیانمانەوە. ئـــەو، هەروەها، دەترســـێت لـــە کۆبوونـــەوەی ئەو دەســـەڵاتەی کـــە وەها پەرەسەندنێکی تێکنۆلۆژیکی دەیخاتە کۆنترۆڵی توێژەرەکان و هێندێک بەرژەوەندیی تایبەتەوە، بەڵام ترســـەکەی، بە پێچەوانەی ترســـەکەی ڕەمزییەوە، لەجیاتی سروشـــت، دەستبەداوێنی ئاکارە فەرهەنگییەکان دەبێت. بەڵام بەگشـــتی، چونکە ڕێکخستنە فەرهەنگییەکانی ئەو وا دیارە دەســـەڵاتەکەیان قەرزداری ئەو شتەن کە پێی دەڵێن «سروشـــتی»، جیاوازییەکانـــی نێوانیان ئەوەندە گەورە نین، وەک ئەوەی لەســـەرەتاوە دەردەکەوێـــت. ئەگەرچـــی کاس بێگومـــان لە تێڕوانینی بۆ ئەو ئاکارە داهێنەرانە دیاریکراوانەدا کـــە بڵاو دەبوونەوە، ڕاســـتە، [بـــەڵام] دەتوانن هەڕەشە بن لەسەر تێگەیشـــتنەکانی ئێستا لە گرێدراویی مێژوویی، دیار نییە کە ئەو داهێنانگەلە بە بەربڵاوی بەکار دەبرێن، یان نۆرمە زاڵبووەکان لە هەمـــوو ئەوانەی ڕەنگە جێـــگای پڕبکەنەوە خوازراوترە. هەروەها، نەریتی بەباشی دامەزراوی تریش بوونیان هەیە کە بایەخی ســـەرەکی دەدەن بە بڕیاردانی سەربەخۆیانەی تاکەکەسی لەسەر بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە بەکۆمەڵەکان و ئەو نەریتانەی بـــە زۆری خوازراو بووە لەلای بەرگریکارانی ئاکارەکانی منداڵبوونی داهێنەرانە.

### لایەنگرانی دەستێوەردانی ناوەندگیرانە

مافـــی زاوزێکردن بە تەواوی لە نەریتی لیبراڵی ڕۆژئـــاوادا چەســـپاوە. بە هـــەر جۆرێک بێت، خواســـتی خاوەنداریەتیی منداڵێک لەخۆ، تەنیا خواستی ژن و مێردەکان نییە، بەڵکوو کاس پێی وایە ڕەنگە یەک بە یـــەک بۆ تاکەکانیش پەرە بسێنێت. نوێل کین (١٩٨١)، بەرگریکارێک کە لە [پرســـی] ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕێکخستنەکانی دایکایەتیی جێگرەوەدا تێکەڵ بووبوو، چیرۆکی مافناســـێکی تەمەن ٥٩ ســـاڵ دەگێڕێتەوە کە هات بۆ دەفتەرەکـــەی. خۆی و ژنە تەمەن ٦١ ساڵەکەی منداڵیان نەبوو. ژنەکە لە دەستپێکی شـــووکردنیەوە نەزۆک بـــووە. مێردەکە لەبیری ئـــەوەدا بووە کە مـــاڵ و مڵکەکـــەی بدات بە منداڵانی خوشـــک و برای خـــۆی، بەڵام دواتر تووشی ڕاڕایی بووە کە ڕەنگە ئەگەری ئەوە هەر ببێت کە ئەو ببێت بـــە خاوەنی منداڵی خۆی. ئەو داوای کرد لە کین تاوەکوو ژن و مێردێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆئەوەی یارمەتیی بدەن. بۆ ئەوەی ژنەکە بتوانێت بە دەستکرد بە تووی ئەو ئاوس ببێت و منداڵی ئەو لە ســـکیدا هەڵبگرێت. ئەو ئەتوانێت ئاســـانکارییە ماڵییەکان بۆ منداڵەکە و بۆ پەروەردەکردنی دابیـــن بکات. کین بەدوای داخوازەکەی ئەودا چوو و ئاسانکاریی پێویستی کرد. ئـــەو هەروەهـــا ئاژانســـێکی دایکایەتیی جێگـــرەوەی دامەزراندبـــوو و خەریکـــی لابی کـــردن بۆ چاکســـازیی قانوونی بـــوو بۆ ئەوەی ئاســـانکاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی قانوونیی گرێبەستەکانی [دایکایەتی]جێگرەوە. بڕیارەکان چ بۆ پشـــتگیریی ئاکارگەلی تاکەکەســـییانەی وەهـــا بەجۆری قانوونی یان دڵســـاردکردنەوەی ئەم جۆرە بژاردەگەلە، کاریگەرییەکی گرینگیان لەسەر دیاریکردنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتـــوو دەبێت، ســـنووری نێوان ڕێوشـــوێنە ڕێگەپێدراوەکانـــی خواســـتی کەســـی و بیاڤی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی گشتی دیاری دەکات.

ئەگەرچی خواستی بەخشینی دیاریی ژێنێتیکی وادیارە بەزۆری حەزی پیاوان بێت، ڕەنگە بکرێت بەرژەوەندیی ژنانیش لە منداڵبوون و راهێنانی منداڵدا لەدەرەوەی دامەزراوەی ژنومێردایەتیدا بەهۆی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتییەوە کە دەرفەت بە هەرێمی ئازادی تاکەکەسەکان بدات کە ڕێکخستنەکانی جێگرەوەی پەروەردەی منداڵ دروست بکەن، دابین ببێت. هەرجۆرێک بێت، ئەو خاڵە باشە قانوونییانەی کە لە ئێستادا لەبەردەستی ژنومێردەکانە، بەو جۆرەی کین دەیناسێنێت، بەو ئاسانییە ناکرێت پەرەی پێ بدرێت بۆ ئەو ڕەبەنانەی کە دەیانەوێت بە خواستە هاوچەشنەکانیان بگەن.

دوایین بڕیارە دادوەرییەکان لانیکەم لە ژنومێردیدا بەردەوام «ماف» ی تاکەکانیان سەلماندووە، بۆ ئەوەی چالاکییەکانی منداڵبوونی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم ئازادییە لە مافی ژیانی تایبەتەوە وەرگیراوە، بۆ بیاڤێک کە بەڵکوو تاکەکان تێیدا بتوانن بە لانیکەمی دەستێوەردانی کۆمەڵایەتییەوە، بە دوای بەرنامەکانی ژیانی خۆیاندا بڕۆن. لایەنگرانی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوونی داهێنەرانە بەشێوەیەکی پەنامەکی بەرگری دەکەن لە بەکارهێنانی ئەم نۆرمە تاکەکەسییانە لە بابەتگەلی بەربڵاوتردا. ئاستی بەربڵاویی ئازادیی منداڵبوون بۆ چێژوەرگرتن لە حەزی باوکایەتی/ دایکایەتی (چ بیۆلۆژیکی بێت یان کۆمەڵایەتی) لەرێگای دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکییەوە زۆر ئاڵۆزە. ئەو ڕێوشوێنە قانوونییانە کە پشتگیری لە ئازادیی منداڵبوون دەکەن، لەبنەڕەتەوە پشتیان بە مافی دەستێوەرنەدان و ئازادبوون لەوەی نەتەوێت زاوزێ بکەیت، بەستووە. بەهەرجۆرێک بێت، ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە، پشتگیریی قانوونییە لەو خزمەتگوزارییانەی لایەنەکانی تر داوای دەکەن. لە وەها وێنەگەلێکدا، بەکاربردنی تێکنۆلۆژییە داهێنەرانەکان ڕەنگە مافی دەستێوەرنەدانی (سەربەخۆیی) کەسانی تر و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی تر پێشێل بکات، هێندێک شت پێشمەرجن بۆ سەربەخۆیی تاکەکەسی و هێندێکی تر قورساییەکی بەرچاویان لە پێودانگی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

جۆرج ئاناس، لە دانپێدانانەکانیدا لە ماڵی نوێنەرانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا بۆ کۆمیتەی زانست و تێکنۆلۆژی (د.ی ١٩٨٥)، بەم دوایییانە ئاماژەی دا بەوە کە بۆ ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی تێکنیکگەلی وەک گواستنەوەی ئاولەمەی جێگرەوە ( بۆ ژنێک کە جیایە لە دیاریدەری هێلکەکە) و بەکارهێنانی ئاولەمەی سەهۆڵبەستوون (فریزکراو)، پێویستی هەیە بە وردی بپارێزرێن، [بۆیە] حکوومەت ناچار دەبێت دەست بخاتە بواری منداڵبوونی مرۆڤ. ئەو باس لەوە دەکات، کە سەرنەکەوتن لە ڕێکخستنی ڕێککەوتنە گرێبەستییە تایبەتەکاندا، یەکگرتوویی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی منداڵان دەکات. ئەو پێی وایە بانگەشەی هێندێک لە ژنومێردە نەزۆکەکان، بە بەرژەوەندییەکانی منداڵە دەرنەکەوتووەکان(potential) گرینگتر دەبێت. بە هۆی پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانەوە، ئەو پشتگیری لە هەوڵە قانوونییەکان دەکات: ١- لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا باوکایەتی و دایکایەتی پێناسە بکرێن، گریمانە قانوونییەکانی ئێستا بپارێزرێن کە دایکی دووگیان بە دایکی قانوونی دەزانێت و بۆیە تایبەت دەبێت و بە ڕێککەوتنە گرێبەستییە تایبەتەکان بەتاڵ نابێتەوە و ٢- بە کورتکردنەوەی ئازادیی بەکارهێنانی ئاولەمەی سەهۆڵبەستوو تەنیا بۆ ئاستی ئامانجی دیاریکراوی، دیاریدەرەکە و ئاولەمەی مرۆڤ لە بەکارهێنانی بازرگانی بپارێزرێت (ئاناس ١٩٨٤). ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی وارناک (warnock) تێبینیگەلی بەرچاو دەخاتەسەر یەک.

بە هەرجۆرێک بێت، هێندێک کەس دژی خاکەڕابوونی ئەو ڕاسپاردە چاودێرییانەن، بەتایبەتی ئەو لایەنگرانەی دەستێوەرنەدان کە باسوخواستەکانی ڕەمزی و کاس لەلایان پەسەندە و بەرگری لە ئاولەمە سەرەتاییەکان و

تێگەیشتنی نەریتی بۆ بنەماڵە دەکەن. هێندێک لە فێمێنیستەکانیش ئەگەرچی هۆکارەکانیان جیاوازە بەڵام هەر بەو ئاکامە دەگەن. ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون ڕێگایان پێ بدرێت بەئازادی بڵاو ببنەوە، زۆرتر دەسەڵاتی بڕیاردانی ژنان بفەوتێت.

## لایەنگرە بناژۆخوازەکانی دەستێوەردان

کەڵکوەرگرتن لە هزر ـ ئەزموونی مارژ پیێرسی لە پەیوەندی لەگەڵ تێگەیشتنی لە بژاردە سیاسییەکان بۆ داهاتوویەکی دەمودەستتر، دەبێت پاڵمان پێوە بنێت بۆ ئەوەی بە پارێزەوە بیر لە بواری ڕاڕابوونمان بۆ پشتگیری کردنی داهێنانەکانی منداڵبوون بکەینەوە، ئەوەی جێگای باسە، سروشتی چالاکی بۆخۆی، یان ترس لەو پاشهاتانەیە کە ڕەنگە بەدوایدا بێت. دنیا فێمێنیستییە خەونستانییەکەی لووسیێنت، کە پێش پیێرسی لە ماتاپۆیسێتەوە هاتبوو، لەپێشدا ئاگاداریی دەدا کە دامەزراندنی ڕێکخستنگەلی نوێی منداڵبوونی ئەوان، پێویستی بەوە هەیە کە ژنان چاوپۆشی لە هێزی منداڵ هێنانە دنیا بکەن. بە هەرجۆرێک بێت، ئەوان وای هەڵدەسەنگێنن کە ئەو دەسکەوتە دەهێنێت قوربانیی بۆ بدرێت، چونکە هەموو پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەباشی هەڵوەشاونەتەوە. لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا، بژاردەکە عاقڵانە دێنە پێش چاو.

چ وەها چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی جێی متمانە بێت و یان تەنانەت عاقڵانە بێت، هۆکار بۆ سەرسوڕمان هەیە؟ جیا لە زۆر ئاستەمبوونی تێگەیشتن لە کۆمەڵێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ئەوانەی لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خێریان لێ دیوە ڕێکدەکەون کە چاو لە دەسەڵات بپۆشن، بەتەواوەتی ڕوونە کە تەنانەت دەتوانین مانای ڕۆڵگەلی بەتەواوەتی نوێ کە بۆ وەها کۆمەڵگایەک پێشبینی کراون تێبگەین. هەموو خوێنەرەکانی کانی ڕامۆس، کە [خۆی] بەکەسایەتیی مارژ پیێرسی سەرسامە، سەریان لەوە سوڕدەمێنێت کە وشەی « دایک »، جیا لە واقیعەکانی دایکایەتیی بیۆلۆژیک و کۆمەڵێک لەو چاوەڕوانییانەی کە تێکەڵ بە ئاکارە دایکایەتییە نەریتییەکان بوون، دەتوانێت چ مانایەکی تری ببێت. لەناو نەریتێکی کۆمەڵایەتیدا کە جیا لە ڕۆڵی دایکایەتییەکە بەدڵخوازی خۆی پێگە و چێژی کەم دەبەخشێت بە ژنان، بنەمایەکی پتەو نییە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی بە تەواوەتی نوێ جێگای خۆی بکاتەوە. کانی بە ناساندنی ئەو کۆمەڵە واقیعە لەپەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جێگروەکاندا، خەریکە نەزانێت ئەوانە چۆن هەڵبسەنگێنێت. کێشەکەی ئەو کاردانەوەی زۆرێک لە فێمێنیستەکان بە پرسی شۆڕشی فێمێنیستیی: دیالێکتیکی ڕەگەزی شوڵامیس فایێرستۆن پیشان دەدات. پێشنیاری فایێرستۆن بۆ «سڕینەوەی هەموو دەستەبەندییە فەرهەنگییەکان» (١٩٧٠:١١) و ئاڵوگۆڕی زاوزێ، بەو مانایە کە جیاوازییە زاوزێیەکانی نێوان ڕەگەزەکان ئیتر مانایەکی فەرهەنگی لەخۆ ناگرن، ئەو تێگەیشتنە دەخولقێنێت؛ کە ئێمە بەبێ ناوەنجیگەریی کۆمەڵێک لە ڕۆڵگەل و چاوەڕوانییە فەرهەنگییەکان نازانین ئەزموونەکانمان چۆن هەڵبسەنگێنین.

ئەگەرچی فایێرستۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی فێمێنیستەکان، بەرگری لە منداڵبوونی تێکنۆلۆژیکی دەکات، بەڵام لەسەر ئەو بنەما تێگەیشتنییانە ڕادەوەستێت کە شتی هاوبەشیان زۆرە لەگەڵ گریمانەی توێژەرەکان و ئەو سیاسەتدارێژەرانەدا کە ڕەنگ بێت بەدوای ئامانجی جیاواز لە ئامانجی ئەودا بڕۆن و ڕەنگە بەهۆی ئەو پاوانی دەسەڵاتەوە کە ئەو دروستی دەکات، پشتگیری لە دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکی بکەن. هەردوو جۆرە بەرژەوەندییەکە تێکنۆلۆژی وەک «سەرکەوتن بەسەر سروشتدا» دەبینن. ئەوان نەک هەر تێکنۆلۆژیی منداڵبوون بەڵکوو ئاڵوگۆڕی تێکنۆلۆژیکیی بەرهەم و سڕینەوەی هێزی

کاریشیان پێ باشە. هەردووکیان بیۆلۆژیی مرۆڤ وەک سنوورێک دەبینن کە دەبێت بەسەریدا زاڵ ببیت — لە ڕوانگەی فایێرستۆنەوە، چونکە پەیوەندییەکانی منداڵبوون بە بنەمای کۆمەڵگا و سەرچاوەی ستەم لە ژنان دەزانێت؛ لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە کە پشتگیری دەکەن لە «دنیایەکی نوێی بوێر»، چونکە دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان ژنان و بنەماڵەکاندا بە هەرەشەیە بۆسەر دەستڕۆیشتوویی (hegemony) دەسەڵاتەکەی خۆیان دەبینن.

## کاردانەوەی فێمێنیستی

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم گرینگترین پرسەکانی ئەو بیرمەندە فێمێنیستانە جیا بکەمەوە، کە پێشکەوتن لە تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبووندا وەک دەستدرێژیی زۆرتر بۆ سەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان دەبینن. هێندێک لە ئەم پرسگەلە پەیوەندییان هەیە بە ژێرخانە تیۆریکییەکانی تیۆریی فایێرستۆن و بە پەنامەکییش پەیوەندییان هەیە بە لێکدانەوە هاوچەشنەکان بۆ هۆکارەکانی بەستراوەییی فەرهەنگیی ژنان و لابردنی ئەو بەستراوەییانە. ئەوانی تر بەجێگای ئەوە سەرنج دەخەنە سەر پاشهاتە نزیکترەکانی ئاڵوگۆڕە تێکنۆلۆژیکییەکان لەناو بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا کە هێشتا پێکهاتەکانی دەسەڵاتی پیاو بەسەریاندا زاڵە. لە زۆربەی شرۆڤە فێمێنیستییەکاندا هەردوو ئەم پرسگەلە تێکچنراون. بەهەرجۆرێک بێت، لێرەدا من هەوڵ دەدەم لە یەکتریان جیا بکەمەوە، بەجۆرێک کە هەرکام لە بانگەشە جیاوازەکان بتوانرێت بەتەنیایی و بەگوێرەی قورساییی خۆی لێکبدرێتەوە.

لەسەرەتادا سەرنج دەخەمە سەر بابەتێک کە بە بایەخەوە دەڕواتە ناو باسکردنی ئەم پرسگەلە: بێلایەنبوونی گریمانەییی تێکنۆلۆژی بۆ ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە جێندێر(gender). دواتر بە کورتی ئاماژە دەدەم بە بابەتی گرینگی دووهەم: ئەگەری ئەوەی چەندە بتوانرێت جیاوازییەکی مانادار دابنرێت لە نێوان ئەوەی بیۆلۆژی دەیبەخشێت و ئەوەی بە فەرهەنگ وەرگیراوە. لەکۆتاییشدا ڕاڤەیەکی تاقیکارانە لەسەر گرینگیی ڕاوراوێژەکانی(debate) دایکایەتی بۆ تیۆریی فێمێنیستی پێشکەش دەکەم، کە بە لێدوان لەسەر هەلومەرجەکانی بەشداریکردنی تیۆریسیەنە فێمێنیستەکان لە بیچمدان بە سیاسەتەکانی منداڵبووندا کۆتایی دێت.

کاریگەریی فایێرستۆن لەسەر فێمێنیستەکانی دواتر، بەتایبەتی بە سەرنجدان بە بانگەشە بنەڕەتییەکانی جێگای مشتومڕە: ئەوەی کە دایکایەتی زیاتر لەوەی ئامراز بێت، ئاستەنگە لەسەر ڕێی گەشەی ژنان و ئەوەی کە دایکایەتیی بیۆلۆژیک، لەناو دڵی ستەم لە ژناندا شاردراوەتەوە. هێستر ئایزێنشتاین، لەدوایین نووسراوەیدا، «هزری فێمێنیستیی سەردەم»(۱۹۸۳)، بایەخ بە فایێرستۆن دەدات بەوەی کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر تیۆریسیەنە دواترەکانی فێمێنیسم بووە، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی ۱۹۷۰ کاندا کە فێمێنیزم و دایکایەتی بە تەواوەتی لە بەرانبەر یەکتردا ڕاگیرابوون. ئەو لەگەڵ دەربڕینی هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ ڕوانگەکانی فایێرستۆن دا، دژایەتیی خۆی لەگەڵ بەرگریکردنی ئالیس ڕاسی (۱۹۷۷) لە ڕۆڵی بەخێوکردن بۆ ژنان (ڕوانگەیەک کە تێیدا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، هاوتا لەگەڵ بیۆلۆژی، بیچم بە تواناکانی بەخێوکردن دەدەن) دەردەبڕێت. بەهەرجۆرێک بێت، ئالیسۆن جاگار لە [کتێبی] «سیاسەتە فێمێنیستییەکان و سروشتی مرۆڤ» (۱۹۸۳) دا ئاماژە دەدات بەوەی کە لەنێوان فێمێنیستە ڕیشەدارەکاندا (grass-root) حەزێک بۆ فایێرستۆن نییە. ئەو پێی وایە، ئەوە ڕەنگە بەهۆی گومانێکی قووڵ لە تێکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان، یان تێبینیکردنی ئەوە بێت کە تێکنۆلۆژی بە زۆری بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاوان بەکار هێنراوە. بەمجۆرە ئەم فێمێنیستانە

ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە چۆن ژنان بتوانن تێکنۆلۆژی کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئامانجی خۆیان بەکاری بێنن. ئەم ڕوانگەیەی دوایی بە زۆری لەلایەن عەزیزە ئەلحبری یەوە بەرگریی لێ دەکرێت کە باس لەوە دەکات:

منداڵبوونی تێکنۆلۆژیکی پێکهاتەی دەسەڵاتی منداڵبوونی سروشتی یەکسان ناکاتەوە بەڵکوو هەڵیدەگەڕێنێتەوە. ئەمە دەسەڵاتی منداڵبوون لە ژنان وەردەگرێت و دەیخاتە ناو دەستی پیاوانێک کە ئێستا ئیتر هەم سپێرم و هەم تێکنۆلۆژیی منداڵبوونیان لەدەستدا هەیە و ئەتوانن بیکەن بە شتێکی بەبێ چارەسەر...ئەمە بەئامانجی بڵاوکردنەوە، ئەوان لە بەستراوەییە پرسووکایەتییەکەیان بە ژنان ئازاد دەکات. (۲۶۶، ۱۹۸۴)

هەروەها ئەو باسی ئەوە دەکات کە بە پێشکەوتنی تێکنیکەکانی دروستکردنی هاوچەشنەکانیش (cloning techniques)، پیاوان لەکۆتاییدا دەتوانن ئازاد بن لەوەی پێویستیان ببێت کە ژێنەکانیان لەگەڵ ژناندا پارڤە بکەن.

باسوخواستەکانی ئەو، ئاریشە دەخاتە سەر هەردوو بانگەشەی ئەوەی کە ئەوە ئەرکی بیۆلۆژیکیی ژنانە کە لە ڕێشەی ستەمەکەی ئەواندا شاردراوەتەوە و لەو تێگەیشتنە هەڵێنجراوە کە [گوایە] چاکسازیی تێکنۆلۆژیک ئەتوانێت ئاکارە کۆمەڵایەتییە ستەمکارانەکان بسڕێتەوە. ئەو لەسەر لێکدانەوەیەکی تەواو جیاواز لە بنەمای دەسڕۆیشتوویی پیاوان ڕادەوەستێت. ئەو گریمانەیەی کە ئێرەیی بردن بە تواناییەکانی منداڵبوونی ژنان و ترس لە دەسەڵاتەکانیان، ئەو پێویستییە لە پیاواندا دروست دەکات کە ژنان کۆنترۆڵ بکەن و سنوور بۆ بەکارهێنانی تەواوی ئەو دەسەڵاتانە دابنێن. هێندێک تایبەتمەندیی هەلومەرجی ئێستا، لێکدانەوەیەکی جێگرەوەی وەها دەسەڵمێنن. ئەگەر ڕۆڵی بیۆلۆژیکیی ژنان ڕیشەی ستەمەکەیانە، کەوابوو خۆڕاگریی زۆری پیاوان لەبەردەم بەتێکنۆلۆژیکیکردنی زاوزێدا چاوەڕوانکراوە؛ هەر هەنگاویک بەرەو پێشکەوتنی زیاتری، دەتوانێت زۆرتر هەڕەشە بێت بۆ دەسەڵاتی پیاوان. بەهەرجۆرێک بێت، پێچەوانەکەی ئەمەیە: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ژێردەسەڵاتی پیاوان بنەمای سەرەکیی پاڵپشتی لە ئاڵوگۆڕە تێکنۆلۆژیکییەکانی ئاکارەکانی منداڵبوون ئاراستە دەکەن. هەروەها، لێکدانەوەکەی ئەلحبری لەگەڵ ئاکامەکانی ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریسییەنە فێمێنیستەکاندا یەکدەگرێتەوە. ئەگەرچی هێندێکیان، وەک ماری ئۆبریان (۱۹۸۱)، لە خاڵێکی دەسپێکی هاوشێوەوە دەدوێن، هێندێکی تر وەک نانسی چوودۆرۆ (۱۹۸۷) و دۆرۆسی دینێرشتاین (۱۹۷۶)، بە ڕێگای زۆر جیاوازدا و بەیارمەتی وەرگرتن لە بوارە جیاوازەکانی وەک لێکدانەوەی دەروونی و مرۆڤناسی، بە هەمان ئاکام دەگەن.

دوایین ڕەخنەکان لە تێگەیشتنی فایێرستۆن بەتەنیا سەرنجیان نەخستوەتە سەر لێکدانەوەکەی ئەو بۆ سەرچاوەکانی بەستراوەبوونی کۆمەڵایەتیی ژنان، بەڵکوو هەروەها دەپەرژێتە سەر چارەسەرەکانیش. بەدڵنیاییەوە، پیشاندانی لاوازییەکان لە باسوخواستدا بەهۆی بنەمای بیۆلۆژیکیی توێژکارییە (stratification) کۆمەڵایەتییەکانەوە، خۆی دەتوانێت پاڵپشتی لە ڕێگەچارەکەی فایێرستۆن لاواز بکات. بەڵام چارەسەرەکەیش لەبوارەکانی تردا جێگای گومانە. بۆ وێنە، کارۆل مەک میلان (۱۹۸۲)، وتوویەتی کە تیۆریی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی فایێرستۆن لەسەر ئەو گریمانەیە دەرواتە پێش کە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا ئەرکی تایبەتیان هەیە. فایێرستۆن هەموو ئاستەنگەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان بە گرفتی تێکنیکی دەبینێت، پێی وایە ئامانجەکان بەڕوونی دەکرێت بناسرێن و تەنیا پێویستمان بەوە هەیە کە کاریگەرترین ڕێگا

تێکنیکییەکان بۆ گەیشتن بەوە دەستنیشان بکەین. مەک میلان، پێیوایە لەوشوێنەدا کە ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجێکی خوازراو جیاواز لە بایەخە ئامرازییەکەیان مانایەکیان لە خۆیاندا هەڵنەگرتووە، ئەم پێشگریمانەیە لە ئەو گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە منداڵبوون هاوشێوەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی شتومەکە( مەک میلان ١٩٨٢، ٧٧). لە کاتێکدا کە شارەزایی بۆ جێبەجێکردنی باشتری ئامانج لەبەردەستدایە، دەکرێت بەبێ ونکردنی بایەخ، شێوازە سەرەتاییترەکانی پێشوو لاببەین.

خوێندنەوەی وردی فایێرستۆن ئەم ڕاڤەیە دەسەلمێنێت. ئەو پەرەسەندنی منداڵبوونی دەستکرد لەگەڵ داهاتووی سایبێرنێتیکدا هەڵدەسەنگێنێت و پێی وایە کە هەر ئەو دابینکارییە بنەماییە شاراوانە، لە پەیوەندی لەگەڵ باشییەکانی منداڵبوونی دەستکرددا دەچنە ناو تێهزرینی ئێمە بۆ جیهانێکی کاری کە تێیدا بیرکردنەوەی مەکینە و چارەسەری پرسەکان، جێگای هەوڵی مرۆیی دەگرێتەوە. ئەو هۆکاری ئەم شاراوەبوونە (بێدەنگییە) دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکرانی زاڵی دەسەڵات لە ئەم سەردەمەدا؛ کە ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکام لە ئەگەرەکان، «لە ناو دەستی دەسەڵاتەکانی ئەم سەردەمەدا وەک ڕووبەڕووبوونەوەی مۆتەکەیە» (فایێرستۆن ١٩٧٠، ٩٠). بەڵام لە سیستەمەکانی پاش شۆڕشدا، تێکنۆلۆژیی منداڵبوون و سایبێرنێتیک، هەردوو ئازاد دەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بەتەواوەتی جیاواز لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بنوێنن. بەمجۆرە، لەناو چوارچێوەی تێگەیشتنی فایێرستۆن دا تێکنۆلۆژی ڕۆڵێکی ئامرازیی دووهێندە دەنوێنێت، یەکەم لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئامرازەکانی دەستپێگەیشتن بە ئامانجە خوازراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ ئەوەی خۆی کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندیی ئامانجەکە ببێت و دووهەم، بە دابین کردنی بێلایەنانەی بەرژەوەندییەکانی هەر لایەنێک کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و منداڵبوون کەوتە دەستی.

مەک میلان هاودەنگە لەگەڵ زاڵبوونی بەربڵاوی هەردوو ژنانی فێمێنیست و نافێمێنیستدا کە لەئێستادا لێکدانەوەیەکی بەرادەیەکی بەرچاو جیاوازیان لە ئەو چالاکییانەی مرۆڤ هەیە کە تێکەڵ بە ئاکارەکانی منداڵبوون و ڕاهێنان بووە. بە پێچەوانەی فایێرستۆن و فێمێنیستە خەونستانییەکان کە پێیانوایە ئەو بایەخانەی کە لکاون بە دایکایەتییەوە دەکرێت جیابکرێنەوە، هەڵبگیرێن و سەرلەنوێ بۆ کۆمەڵێک لە ئاکارە کۆمەڵایەتییە بەتەواوەتی جیاوازەکان دیاری بکرێنەوە، ئەوان منداڵبوون و گەشەپێدانەکەی بە تەواوکەری ئەو بایەخانە دەبینن کە دایکایەتییان پێ دەناسرێتەوە. بۆ وێنە، ڕابین ڕۆڵەند دەڵێت:

لەناو بزووتنەوەکەدا هەستانەوەی ژنان دەستی کردووە بە سەرلەنوێ نرخاندنی نرخی دایکایەتیی بیۆلۆژیک. لە کاردانەوە بە دژی ئەو هەستەدا کە بزووتنەوەی ژنان ناچاریان دەکات دەست لە خاوەنداریەتیی منداڵ هەڵگرن، زۆرێک لە فێمێنیستەکان خەریکن تێدەکۆشن کە ئەزموونی دایکایەتی و بنەماڵە، بەرێگایەکی بەکارنەهێنەرانەدا دروست بکەن. (ڕۆلەند ١٩٨٤، ٣٥٨)

ئەو ئاماژە دەدات بە ڕاوراوێژی ئادریان ڕیش کە پێی وایە گرفتی دایکایەتی بۆخۆی نییە بەڵکوو بەدامەزراوەکردنی باوکسالارانەی دایکایەتییە (ڕیش ١٩٧٦، ٣٦٩) و باس لەوە دەکات کە سەرچاوەی ستەمی ژنان لە سروشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی حەشار داوە کە لەناو ئەواندا زۆرتر لەوەی لە خودی دایکایەتیدا ئەزموون کراوە، دایکایەتی ئەزموون دەکرێت کە لەناویدا تۆڕێک لە بایەخە دانپێدانراوەکان بیچم دەگرن کە ژنان نابێت پشتگوێیان بخەن. ئەو و زۆرێک لە نووسەرە ژنەکان کە ئەو ناویان دەبات، هەموویان کۆنترۆڵی تێکنۆلۆژیکی ئەم ئاکارانە وەک داگیرکردن و لێسەندنەوەی کۆمەڵێک لە بایەخەکان دەبینن کە ناوەندێکن

بۆ بەرژەوەندییە بناژۆییەکانی ژنان. ئەو باسوخواستەکانی لێئۆن کاس (١٩٧٩) لە بەرژەوەندیی ئامانجەکانی خۆیدا بەکار دەبات، ئاگاداری دەدات کە « هێندێک لە پیاوان ڕەنگ بێت بۆ ئەوە دانرابێتن کە ڕۆڵی خوایی بنووێنن، بۆ ئەوەی پیاوانی تر لە جۆری خۆیان بخولقێننەوە، »بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکەی خۆیدا کە تێکنۆلۆژییە نوێکانی منداڵبوون لە کۆتاییدا بۆ بەرژەوەندیی پیاوان و بە زیانی ژنان بەکار ببرێن (ڕۆلەند ١٩٨٤، ٣٥٦).

جانیس ڕەیمۆند، لە نووسینی هەمان بەرگدا (١٩٨٤) نەک هەر خراپەی ئەو داهاتووە تێکنۆلۆژیکییە دەڵێت کە شێوازە نوێیەکانی منداڵبوون دەیسەپێنن بەسەر ژناندا، بەڵکوو ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەی ئێستایش بەباش نازانێت کە « تێیدا ژنان بەبێ بیرکردنەوە، ڕێوشوێنە لاوازەکان هەڵدەبژێرن، »وەک ئەوەی لە ئاوساندنی ناو شووشە و گواستنەوەی ئاوڵەمە هەیە». ئەو پێی وایە، تێکنۆلۆژیگەلی وەها، تەنیا پاڵپشتیی زانستی و دەرمانی دەدەن بە ژنان بۆ خۆسازاندنیان لەگەڵ ئیدیۆلۆژییەکی پیاوسالارانەدا کە پێی وایە منداڵبوون بەرهەمی سەرەکیی ژنانە و لەڕێگایەوە ستەمی ژنان قووڵتر دەکات. ئەو، هەروەها، ئەو ترسانەی کە یەکەم جار لەلایەن لایەنگرانی دەستێوەرنەدانەوە وترانەوە دووپات دەکاتەوە، وەک پۆل ڕەمزی و لێئۆن کاس، کە [پێیان وایە] خۆبەدەستەوەدان بۆ تەنانەت شێوازە بەتازەیی دامەزراوەکانی دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکی، ژنان لە مرۆڤایەتی بەتاڵ دەکاتەوە، ئەو بژاردەگەلەیان بەسەردا دەسەپێنێت کە خۆیان دروستیان نەکردووە و ناچاریان دەکات کە بۆ تێکنۆلۆژییەک خۆ بەدەستەوە بدەن کە پەرەپێدەرەکانی لەکۆتاییدا بەدوای ئەوەدا دەڕۆن کە ڕۆڵی دایکایەتیی بەسەرچووی خۆیان جێگیر بکەن. باسوخواستەکانی ڕۆلەند و ڕەیمۆند هەردوو بابەتەکە بەیەکەوە دەکێشنەوە: کە تواناییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ژنان کە تێکەڵ کراون لەگەڵ ئاکارەکانی منداڵداری و ڕاهێنانی منداڵدا، خاوەن بایەخی سەربەخۆن کە بە تەواوی جیاوازە لە بەستێنە باوکسالارانەکانیان و ئەوەی کە دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکی لە منداڵبووندا تەنیا دەرفەتی ژنان بۆ پەرەپێدانی ئەم تواناییانە لەژێر دەمامکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا لەناو دەبات. بەم تێگەیشتنەوە، ژنان پێویستیان بەوە هەیە کە هاوئاراستە لەگەڵ بایەخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکاندا کە وادەکات هەست بکەن ژیانیان باشە، بەرژەوەندییەکانی خۆیشیان باس بکەن. بە پێچەوانەی لایەنگرانی دەستێوەرنەدان، ڕوانینی کۆنسێرڤاتیستیی ڕەمزی یان ڕەخنە فێمێنیستییەکان وەک کارۆل مەک میلان، هەوڵ دەدەن خۆبپارێزن لە بەدواداچوونی ئەرکی سروشتیی ژنان. بە شاراوەیی دژایەتییان لەگەڵ گریمانەی بەناسروشتیزانینی بیچمە جێگرەوەکانی منداڵبووندا نەکردووە، بەڵکوو سەرنجیان خستووەتە سەر هەستێکی قووڵی هەستنەکردن بە ڕەحەتی، کە لە ترس لە چەسپاندنی زۆرتری پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیەوێت بۆ ژنان بدوێت لەکاتێکدا کە هاوکات کۆنترۆڵی ژنان بەسەر چالاکییەکانی منداڵبوونی خۆیاندا دەسڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، سەرەڕای هەوڵە ئەنقەستەکانیان بۆ ئەوەی بابەتەکان لەسەر بنەمای بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ بۆ لێدوانی ژنان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابمەزرێنن، باسوخواستەکانیان وادیارە کە بەستراونەتەوە بە جیاوازیدانانێکی تیۆریک کە زۆر لەوە دەچێت کە ئادریەن ڕیش لە لێکدانەوەی دایکایەتییەکەیدا بەکاری بردووە. ئەو نووسی:

من هەوڵم دا جیاوازی دابنێم لەنێوان دوو مانای دایکایەتیدا، یەکێکیان سوار بەسەر ئەوی تردا: پەیوەندیی دەرنەکەوتووی (potential) هەر ژنێک لەگەڵ هێزی منداڵبوونیدا و لەگەڵ منداڵان؛ و دامەزراوەیەک کە ئامانجی ئەوەیە دڵنیا بێت لەئەوەی کە ئەو ونهێزە (potential) ـ و هەموو ژنان ـ دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا

بمێننەوە. (ریش ١٩٧٦، ١٣)

ئەگەر بتوانرێت دامەزراوەی دایکایەتی ـ ئەو دروستکراوە هێمایییەی کە لە کۆنترۆڵی پیاوەوە سەرچاوە دەگرێت ـ هەڵبگیرێت، ڕەنگ بێت ئەزموونی دایکایەتی بتوانێت لە سروشتی ڕاستی خۆیدا دەرکەوێت، کە ریش پێی وایە ڕیشەی لە بیۆلۆژیی ژناندا هەیە.

لە باسکردن لەوەدا کە بەهیچ جۆرێک تا ئێستا سەرچاوەی بیۆلۆژیکیی خۆمان، [و] پەرجۆ و پێکدژیی لەشی ژن و مانا ڕۆحی و سیاسییەکانیمان نەدۆزیوەتەوە یان لێی تێنەگەیشتووین، من بەڕاستی بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێم کە ژنان ناتوانن لانیکەم دەست پێ بکەن بە هزرین لە ڕێگای لەشیانەوە، بۆ بەسترانەوە بە ئەو شتەوە کە بە دڵڕەقییەوە لە یەک دابڕاوە: تواناییە بیرمەندییە گەورەکانمان، بەئاستەم بەکارهاتوو؛ هەستی زۆر پەرەسەندووی لێکەوتنمان (tactile)؛ توانامان بۆ تێبینیکردن لە نزیکەوە؛ لەشی ئاڵۆزی فرەچێژی ئێشهەڵگرمان. (ریش ١٩٧٦،٢٤)

ریش، وەک ئەوەی فایێرستۆن، لە باسوخواستەکانیدا پێی وایە کە ئەتوانین بە تێگەیشتنەوە تێهزرین لە ئەو ئەزموونانەی دایکایەتی کە لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکەیان جیا کراونەتەوە و ئەتوانن بەبێ پێکهاتە دامەزراوەییەکان هەڵبگیرێن و بۆ چاولێکردن بکرێنەوە. ئەو هەروەها وای دادەنێت، کە ئێمە ئەتوانین بەرودوا ئەوان لەناو بەستێنێکی بەتەواوی جیاوازدا بێنینە بەرچاومان، کە لەناویاندا بایەخە دانپێدانراوەکانی لکاو بە دایکایەتییەوە دەتوانن لەو بەستراوەییە نەرێنییانە کە بەشێکن لە ڕێکخستنەکانی دایکایەتیی سەردەم، ئازاد ببن.

دامەزراندنی ئەم گریمانەگەلە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. سەرەڕای ڕەخنە سەرنجڕاکێشەکەی [واتا] «دوالیزمی دروستکراوی پیاو»، وادەردەکەوێت کارەکەی ئەو لەسەرەتاوە دوالیزمگەلی هاوچەشن بناسێنێتەوە، کە هەروەک وا بووە، ئێستایش بەستراوەتەوە بە توانای جیابوونەوەی سەرچاوەکانی ئەزموونی ژنانەوە، بە ئەو گریمانەیەی کە دەتوانین لە بیۆلۆژیی ژناندا بۆ سەرچاوەی هێندێک ئەزموونی تایبەت بگەڕێین و ئەوەی کە ئەوانی تر سەرچاوەکەیان قەرزداری دامەزراوە باوکسالارانەکانن. ئەگەرچی بە وردبوونەوەیەکی وەها لە مەنتقی کارەکەی ئەو، ڕەنگە وا دەربکەوێت کە ئامانجە ڕوونەکەی لەبەرچاو ناگرێت: بۆ ئەوەی کە هەلومەرجێک دروست بکات کە تێیدا دایکایەتی وەک سەرچاوەیەکی خوازراوترین ئەزموونی ژنان پیرۆز بکات، من دڵنیا نیم کە ئەم ئامانجە پاڵپشتییەکی دڵنیا لەسەر ئەم بنەمایە وەربگرێت. وادەزانم کە بەنێکی هاوبەش تێگەیشتنی ڕۆلەند، ڕەیمۆند و ریش بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئێستا ئەگەر ئەو بەنە هەمووی ئەوان بەیەکەوە ببەستێتەوە، بە دوالیزمی سروشت/فەرهەنگەوە یان نا، ئەوان گریمانەی دەروونناسانەی تایبەتی هاوبەشیان هەیە کە هەموویان لەپاڵ یەکتردا دادەنێت و لە فایێرستۆن و هاوبیرانی جیایان دەکاتەوە.

ئەوان وەک زۆرێکی تر لە فێمێنیستە هاوچەرخەکان، پەیوەندیی نێوان دایک و منداڵ لە بنەڕەتەوە بە شتێکی ئەرێنی دەبینن و چاو لە ئەم پەیوەندییە دەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەک لە ئەوە بدۆزنەوە کە کام پەیوەندیی نێوان ژن و ژن، یەکجاری دەتوانێت ژنان ئازاد بکات بۆ ئەوەی لە بایەخەکانی خۆیان بدوێن و بیچم بدەن بە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێگە دەدەن بە بێبەربەست دوانی ئەوان. ڕوانینی ئەوان بە ڕوونی دژ بە تێگەیشتنی فایێرستۆن و فێمێنیستە هاونەسڵەکانیانە کە بۆ ئەو مۆدێلانەی کە لەسەریان هەستی یەکیەتی و یەکگرتوویی ژنان دروست دەکرێت، بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی پەیوەندییەکانی دایک-منداڵ دەیانڕوانی.

لە بابەتێکی ڕەخنەیی لە تێگەیشتنی ریش بەم دواییانە، جەنێت سایێرز (١٩٨٤) باسی لەوە کردووە کە هەر هەوڵێک بۆ

دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ژنان لە وێنەی پەیوەندییەکانی دایک-منداڵدا، لەسەر خەیاڵێک دەوەستێت، کە لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە، بەهەردوو بنەما ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە بە پێکدژییەوە دیار دەبێت. ئەو ئەنووسێت:

تا ئەو کاتەی فێمینیزم مەبەست بێت، بایەخی کارەکەی مێلانی کلەین لە ئەو خاڵەدایە کە بایەخ دەدات بە ئەو ڕێگایەی کە ئێمە لە ڕێگای مێکانیزمەکانی بەرگریی لە لەتبوونەوە، بەزۆری پێکدژی لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندای پێ ڕەد دەکەینەوە و بایەخ دەدات بە ڕق و خۆشەویستی کە لە پەیوەندییە سەرەتاییەکانی منداڵ-دایکدا دروست دەبێت. ڕاڕاییبوونێک کە نە تەنیا لە نووسینە فێمینیستییەکاندا کە ئەم پەیوەندییە وەک بنەمای یەکگرتوویی ڕەگەزیی ژنان پیرۆز دەکەن، بەڵکوو هەروەها لەو نووسراوانەیشدا پشتگوێ دەخرێت کە بەپێچەوانەوە لە ئەم پەیوەندییەدا هەمان سەرچاوەی ستەم و لەخۆدابڕانی (alienation) ژنان دەبینن.

ئەو ئەگەرچی دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ زۆرێک لە فێمینیستەکانی تر، لەوانە فایێرستۆن، بە هێنانەوەی وێنە دەڵێت کە لووس ئیریگارای ڕوونکەرەوەی ئەم ڕوانینەی دواییە. ئەگەرچی بەستراوەیی بە ڕوانگەی کلەین ەوە ڕەنگە جێگای پرسیار بێت، بەڵام ئاگادارکردنەوەکانی نابێت پشتگوێ بخرێت. هەردوو ڕوانینەکە بۆ پەیوەندیی دایک-منداڵ، بەزۆری لە نووسراوە فێمینیستییەکاندا ناسێندراوە. هیچکام لەوانە ناتوانن بانگەشە بکەن کە پێناسەی ڕاستی فێمینیزمیان هەڵگرتووە. سەرسوڕمانەکەی کلەین هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەردوو تێگەیشتنەکە لەناو چواچێوەیەکی گشتگیردا کۆبکاتەوە. پەرەسەندنی وەها چوارچێوەیەک، زۆرێک کاری تیۆریک بەجێ دەهێڵێت کە دەبێت جێبەجێ بکرێن بەڵام پێویستیی کردەوەی فێمینیستی ناتوانرێت دوابخرێت تا ئەو کاتەی ئێمە تیۆرییەکی تەواوبووی پەیوەندییەکانی نێوان نەسڵەکان دەخەینە بەردەست.

بۆ ئێستا،[بۆ] جێگای بەتاڵی هەر تیۆرییەکی فێمینیستی کە بتوانێت ئاراستەیەکی ڕوون بخاتە بەردەست بۆ ڕێنوێنیکردنی پەرەسەندنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون، ئەم بژاردەگەلە لەبەردەستماندا هەن: ١ ئێمە ڕەنگە بەبێ پرسیار خۆمان ببەستینەوە بە تێگەیشتنەکانی لایەنگرانی ڕیش، هاورا بین لەگەڵ لێکدانەوەی ڕەیمۆند و ڕۆلەند لەسەر پاشهاتەکانی داهێنان لە منداڵبووندا و سەرەڕای باشییە کورتماوەکانی بۆ هێندێک تاکی ژنان، دژایەتیی هەموو بەکارهێنانێکی تێکنۆلۆژیی منداڵبوون بکەین؛ ٢ دەتوانین هێزمان لەگەڵ میراتگرانی شولامیس فایێرستۆن بخەینە سەر یەک، ئەگەرچی بە سەرنجدان بەوەی کە بەرژەوەندییە بەهێزە دامەزراوەیی و بازرگانییەکان، ئەم تێکنۆلۆژیگەلە کۆنترۆڵ دەکەن، بە هیچ جۆرێک دیار نییە کە ئەمە دەتوانێت چ پاشهاتێکی بۆ سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ئێستا ببێت، یان ٣ دەتوانین کار بکەین بۆئەوەی فرەییی تێگەیشتنە فێمینیستییەکان لەناو سیاسەتێکی کاتیدا یەک بخەین، خۆمان ببەستینەوە بە وتوێژی چڕوپڕ و هەوڵ بدەین کاریگەریمان لەسەر ئاراستەی ئێستای داهێنانەکانی منداڵبوون ببێت کە کەموکورت بە هەمان شێوازە پراگماتیستییەکانەوە، فێمینیستەکانی ئێستا بەشداری لە بیچمدان بە سیاسەتە ئابوورییەکاندا دەکەن. کەوابوو بەدواداچوونی بژاردەی سێهەم ڕەنگە یەکگرتوویی کۆمەڵی فێمینیستی بخاتە بەردەم ئاستەمترین تاقیکارییەوە. هەڵبژاردنی هەرکام لە بژاردە بەجێماوەکان دەتوانێت کەلێنێک دروست بکات کە پڕ نەکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە یان شەپۆلی ئێستای بزووتنەوەی فێمینیستی، هێزی خۆی لەدەست دەدات و بڵاوە دەکات یان فێمینیزم تێکەڵ بە هێزێکی زۆر بەهێزتر و یەکگرتووتر دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لە مێژوویدا نەبووە.

*. https://www.jstor.org/stable/3809900